شیعری وەرگێڕدراو



لارش میکایل راتما

# نووسراوەی ئێسک(١)

لە سوێدییەوە: هەندرێن




لارش میکایل راتما لە ١٩٦٤ لە دەڤەری ستۆکهۆلم لە دایک بووە و دکتۆرای لە بواری تەلارسازیی وەرگرتووە و حەوت کۆشیعری هەیە. چەند خەڵاتی لە بواری شیعر و تەلارسازیی سوێدی وەرگرتووە. راتما تەکنیکی تەلارسازیی لە شیعردا پیادە دەکا. بۆیە ئەو پێی وایە لە یەک کاتدا هەم شاعیر و هەمیش تەلارسازە

نووســـراوەی ئێـسک، وەلێ نەک وەک ئـەوەی ئێــوە بە یادتان دێتــەوە، بـە لێــوارە تیــژ و پەڵەکانیش

بەسەر کەسکە کاڵەکەوە Fashion Street Raslätt،[٢]

ئەگەر تۆ لە ناو شارەوە بێیت یەکەم دەرگەی بەرەو دەستە چەپ، پەڵە گەورە سەوز و کاڵە

نارنجییەکان بەسەر رووبەرەکەوەیە لە نێوان پەنجەرە و

ئەوانەی کە هەرگیز لەوێ نەبوون، ئێمەش، لێ نەک وەک ئەوەی ئێوە ئەوەتان بە یادتان دێتەوە،

هەیە، پەڵەکان زۆر نین، پەڵەکان چیتر سۆر نین.

مۆری فایستۆس (Phaistosstamplar)[٣] دوو پلیکانە بەرەو سەرەوە Fashion Street Bronx[٤]،

هەڵکۆڵین دەکەین ئێمە، هەڵدەکۆڵین ئەگەر پێویست بوو، بەکارهێنانی خەتێک بە

ڕەنگی شینەوە، راست بەڵام نەک وەک ئەوەی ئێوە ئەوەتان بەبیر دێتەوە،

پەڵەکان کە قووت دەدات، پرژاوە شینەکە بەسەر یاری خلسکێنەکەوە، هەرچەند لە

نایلۆنە، شـینەکـە بە کـانزایە بـریقـەدارەکـەوە دەنـووسـێت. بریق دەداتـەوە، لێ نەک وەک ئەوەی

ئێوە بریقەدانەوەتان بەبیر دێتەوە،

کەرپووچ لە هەموو لایەکەوە هێ لە ناو دەرگە و پەنجەرەکانەوە، Fashion Street،

کاتێ لەگەڵ یەکتر دەپەیڤین وەک مۆرلێدەی فایستۆس(Phaistosstämplare) [٥] ئەوان

ئێمە ناناسنەوە، ئێوەش وان ئاینە[٦]، ئەگەر چی ئێمە هەمیشە

لە ناو جەرگەی شار، New York- Jönköping داین، تۆز لە سپڵ دا، بەڵام نەک

ئەوەی ئێوە ئەوەتان بیر دێتەوە، کە سەوزاییەک لەپشت خانووەکەی بەرامبەر

بەنزینخانەکەیە، شەقامەکان، ئێمە بەوێ دەنووسێین، مۆرلێدەری فایستۆس کە دەچەسپێ و

مۆر دەکا میترۆیەکی ناقۆڵا بەسەرمانەوەیە، لەوێ شینەکە دەچەسپێت،

شارمان بە ئێسک نووسیوەتەوە، مۆرەکان

لەوێ دەچەسپێن، پەڵە سۆرەکانی ئاینە، ئەوان لەم رۆژگارەدا مۆری قووڵتر لێ دەدەن.

ئێوەش دەتانەوێ تێ بگەن، ئەوها

ئاینە مۆرەکان دەخوات وەک ئەوەی سپرای "پرژێنەر"بن، تۆزێکی سۆریش بۆ دوای ئەوە،

پاشان نووسینەکە باش لەویٰ لە سکەوە دەنووسێت، ئێستا چۆن یادی بکەینەوە،

ئەگینا دەبوو دووکەڵی لم بەجوانی بەسەر مۆرەکانەوە دابەش بکرابا، دەست پێ بکە و

ئێستا بەبیرت دێتەوە ئاینە، ئەوە کەمترینە کە ئێمە بیخوازین،

Raslätt (٧) ئەوان بەو بەشەی شار لە نیوۆرک ناودێری دەکەن، ئێمە لێرەدا مۆرمان بە

Amadou Dilalloەوە وەنا، ئێمە ئەوەمان بەیاد دێتەوە، لێ نەک وەک ئەوەی ئەوان لەبیریانە،

ئێمە لە Jönköping (٨) هەموومان ناومان Amadou Dilallo یە، ئێمە ناومان ئەوهایە چونکە

ئێمە مۆر لێ دەدەین، بەڵێ مۆری فایستۆس– Phaistosstämplare، Amadou Dilallo، Am-adou Dilallo،

Amadou Dilallo، وەلێ ئەوان نووسینیان بەیاد نایێتەوە،

نووسین دەچەسپێ، ئێمە وەک یەک بیرمان دێتەوە، ئێمە لە نیوۆرک دا

مۆر لە ئیدریس دەمیر دەدەین، ئەو پرژاوە "سپرای" زۆرباش دەچەسپێت، دەرژێت،

گەردیلە وردیلەکان لە شار تۆز دەکەن، لێ بەمجۆرە ئەوان دێن لە Bronxدا

ئێمە هەموومان ناومان ئیدریس دەمیرە، لێ ئەو پێوە نانووسێت، نەک

وەک ئەوەی ئێوە ئەوتان بەیاد دێتەوە، بەبیرت دێتەوە، خلیسکێنەی سۆر بەرەو پانتۆڵەکانە،

ئەو داگیرسا، پەڵەکان چەسپین، نووسراوەی ئێسک، ئێستا هەڵکۆڵە، ئێمە هەموومان

وەک یەکین، ئیدریس دەمیر، ئیدریس دەمیر، ئیدریس دەمیر،

ئەوە هیچ جیاوازی نییە، بەڵام نەک وەک ئەوەی ئێوە ئەوەتان بیرتان دێتەوە، وایە یان نا، ئێمە

لە ٤٠٠٠ ساڵدا هەمان شتمان نووسیوە، ئێستا دەست پێ بکەو

بیرت بێتەوە، ئەو شارە هەندێک بچووکە، ئەوە راستە،

ئەوە هێندە سەخت نابێت کە بەبیر بێتەوە، ئەگەر نا من

خۆم Guinea Bissau م (٩) بە یاد دێتەوە، شار لەوێدا نووسین

مۆر کرا، لە Fashion Street Bissau دا، لە سەوزاییەکەوە تۆز هەڵدەکا،

پاشان ئێمە تۆزەکە دەکەینە ناو زبڵدانەکە، دوایی ئێمە هەمیشە فیلتەرەکە

له پەڵەکانەوە پاک دەکینەوە، هەروەها مۆرەکانیش،
لێ لەوێ مۆرەکان باش دەچەسپێن، ئەوان پەڵەکان دەخەنە ناو
زبڵدانەکان، Otto یە ناوی ئەو، خۆڵەمێشییە و سەرپۆشێکی کەسکی
دوو کونی هەیە، هەروەها ئەویش لە نایلۆنە، پیرەمێردێکی ڕەش
کە خۆڵە پۆک دەخاتە ناو زبڵدانەوە، لە سکییەوە مۆر کرا، پرژاو "سپرای"ە شینەکە
باش دەچەسپێت، ئێمە لە ٤٠٠٠ ساڵدا مۆرمان لێدا، وەلێ
ئەگەرچی لە نووسینی فایستۆسی Phaistosskriften(١٠) تێ ناگەین،
ئەو کاتە ئێمە لەبری ئەوە زۆرباش ئەمە لە ئێسک دا هەڵدەکەنین، ئەودەم ئەوان تووڕە
دەبن، Phaistosskivan Salla(١٠) بسووڕێنەوە مۆرەکان دەسووڕێنەوە، ئەو پیرەمێردەی
کە رادەکا و تەورەکەش، پەڕگالی ماسیی و پێستەکە،
ئەو ئاژەڵە سەربڕاوە، کەللەی شەڕەنگێز، دەزووی پێچایەوە، رێکترین مۆرکردن
من کردم، تووتی گوڵ و بەرمیلی داریی شەراب،
پێویست بە مۆرکردنی تر ناکا ئاینە، ئێمەش پەڵەکانمان لە پلیکانەکەدا بەیاد دێتەوە،
لێ نەک وەک ئەوەی ئێوە پەڵەکانتان بەیاد دێتەوە، چونکە رۆشن و
سەوزە، ئەوکات تۆ Bronx یان Ralsättت بەیاد دێتەوە، ئەو دەم لە ناو گومرگییەکاندا
چی خۆش ڕوودەدات، پاشان ئەمە تاریک و
کەرپووچییە، کەچی سەرەڕای ئەوەش پرژاوە شینەکە دەچەسپێت، ئەودەم تۆ
Jönköpingت بەیاد دێتەوە، هەڵبەت ئێستا من کوردستان، Fashion Street
دیاربەکرم بەیاد دێنەوە، ئەوێ گەلێک تۆزاوییە، من مۆری فایسیۆسم
مۆر کرد، هەروا کەمە سەوزاییەکەش تۆزی گرت،
رەنگە کتومت بەمجۆرە بوو، هەروا ئێستا تۆش بەبیرتە، ئاینە، دەست پێ بکە و
بیرت بێتەوە، ئەمە زۆر سەخت دەبێت، ئێمە و ئەوان، ئێمە و، ئێمە و ئەوان، ئێمە و
ئەوان، ئێوە هەرگیز مۆرتان لێ نەدا، زۆر سەخت دەبێت ئەوە،
ئێمە ئەوان، ئێمە ئەوان، ئێمە ئەوان، هەنووکە هەمووان ئێمە ئەوان، لێ نەک
وەک ئەوەی ئێوە لەبیرتانە، دەست پێ بکە و نووسینەکە بخوێنەوە، ناتوانن، ئێمە لە
٤٠٠٠ ساڵدا مۆرمان لێ دا، Raslätt مۆری لێ دا ئێمە لە زبڵدانێکدا

له نیوۆرک، ئێوه ئەوەتان بەیاد نییه، من ٤٠٠٠ ساڵدا مۆرم له

Phaistosstämplar دا، پاشان من

شــارێکم مــۆر کــرد و بە Jönköping ناودێری کــرد، لێ وێڕای ئـەوەش ئێــوه به یادتان نایێتەوه،

ئەگەر ئێوه جارێک له جاران حەزتان کرد بزانن ئەوا ئەوەی کە ئێوه پابەند نین

به ئێوه که ناچەسپێت، ئاینه، هەوڵده که بیرت بێتەوه، لێ نەک

وەک ئەوەی کە ئێوه ئەوەتان بیر دێتەوە، چونکە ئەو کاتە پێشتر خۆتان له ناو

توونێلی رۆسلێت شاردەوه و له ئێسکدا دەستتانکرد به داتاشینی مۆری نوێ، لێ

هەرچەنده ئێوه زۆرباش دەبینن کە ئەوان چۆن دەنوێنن، نەک ئەوان چی دەگەیەنن، ئەوان

چۆن دەنوێنن من گوتم، خلسکێنەکە زەردە و له ناو ژوورێکی کەمێک سۆر

به بنمیچێکی شینباو کە لێوارێکی خڕی هەیە رێ دەکا، وەلێ نەک

وەک ئەوەی به یادتان دێتەوه، هەمووی له نایلۆنه،

بەدەر له خۆی رووی دەرەوەی خلیسکێنەکە کە له لەوحەیەکی بریقەداری ژەنگهەڵنەگرتووە،

دوو مەتر بەرەو تۆقڵەی خانووەکەیە، پەڵەکان لەوە زیاتر نین

کە ئێمە دەتوانین بیانژمێرین، رووە ئاراستەکەی تر، له ئاراستە دژەکەی

خلیسکێنەکەوە سەکۆیەکی بچووک هەیە، لەوێوە پردێکی هەڵواسراو

له گوریس بەرەو سەکۆیەکی تری کەسک دەچێ، پاشان تۆ دەتوانی دابەزی

به پەیژەکەوە، یان باز بدەیت، له نیو مەتر بەرزتر نییه

ئەگەر تۆ ناتەوێ بگەڕێیتەوه دواوه،

**سەرچاوە:**

"ORD & BILD" ژماره ٢/٣/ ٢٠٠٣،

گۆڤارێکی کولتوورییە له ساڵی ١٩٨٢ەوە چاپ دەکرێت. ئەم ژمارەیه تایبەتە بەپرسی جیاوازی مامەڵەکردن لەگەڵ گرووپەکان، جەماوەر و زەبروزەنگ. ئەو شیعرە وەک بابەتێک له پاڵ وتاره و دەقەکانی تر کە تایبەتن بەو تەوەرەوە، بڵاو کراوەتەوه.

**پەراوێز و روونکردنەوەی وەرگێڕی کوردیی**

(١) ئەم شیعره به سوێدیی ناوی "Benskriften"ە. ئەم وشەیه له زمانی سوێدییدا نییه، بەڵکو شاعیر

وەک شێوازێک لە یارییە زمانییەکانی سازاندوویەتی، ئەم وشەیە لە دوو وشەی لێکدراو پێکهاتووە: skrift و Ben لە سوێدیدا بە مانای نووسین- نووسراو دێت.

Ben یش هەم بە مانای ئێسک و هەمیش بەمانای قاچ- لنگ- لاق دێت، لێرەدا بە هۆی ئاماژە و ماناکانەوە "ئێسک"مان هەڵبژارد.

(٢) Fashion Street Raslätt: شەقامی مۆدە لە رۆستلێت، رۆستلێت شارۆچکەیەکە دەکەوێتە باشووری سوێد نزیک شاری یۆنشپینگ کە دائیرەی کاروباری بێگانان لەو شارەدایە، ناوێک بەم شەقامە لەو شارۆچکەیە و خودی سوێدیش نییە، بەڵکو شاعیر، وەک لە شیعرەکەدا دەیخوێنینەوە، لە رێگەی یاریی زمانەوە دوو رووداو، کوشتنی ئیدریس دەمیر لە دەستی پۆلیسی سوێد و کوشتنی ئامەدۆ دیلۆ لە (برۆنکس)ی سەر بە نیۆورک لێک گرێ بداتەوە.

(٣) Phaistosstamplar: چەشنە ئامێرێکی مۆرکردنی نووسینە کە هێشتا مێژووی دیار نییە، ٤٠٠٠ ساڵ بەر لە ئێستا قەوانێکی مەیلە و قاوەیی لە پەرستگای phaustos لە شاری کرێتە لە گرێکی کۆن دۆزراوەتەوە.

لێرەدا شاعیر بە رێگەی زمانەوە هەم یارییەکی زمانیی و هەمیش پێوەندییەکی ئاڵۆز لە نێوان دەستەواژەی "ئێمە و ئەوان" کە لە گوتاری رۆژئاوادا لە ئارادایە و لەگەڵ شێوازی کۆنی نووسین کە بەو مۆرە کۆنە نووسراوە دەسازێنێ، کە تێگەیشتنی ئاسان نییە. وێدەچێ شاعیر ئەو مۆرکردنە وەک جۆرە وێکچوواندێک، لە نێوان ئەو تاتەنووسانەی کە لە دەروازە و دیواری خانووەکاندا هەڵکەنراون و قانە خوێنەکانی سەر ئەو پلیکانە و دەرەوازانەی کە لە جەستەی ئیدریس دەمیر و ئامادۆ دیالۆ چۆڕاونەتەوە، بەرێگەی زمانی شیعرییەوە وێنە بکێشێ.

(٤) ئاماژەیە بۆ شەقامی مۆدە لە شارەوانی Bronx لە نیۆورک.

(٥) Phaistosstämplare: مۆرکار، ئەو کەسەی کە مۆر لێ دەدا/ دەکا

(٦) ئاینە: ئەم وشەیە، کە ئامادەیی خۆی لە شیعرەکەدا هەیە، ناوی ژنە لە سوێد. دیارە ناو لە زمانی سوێدیی دا، وەک هەموو ئەو زمانانەی بە تیپی لاتینی دەنووسرێن، دەبێ پیتی یەکەم بە کاپیتال/ گەورە بنووسرێت، لێ شاعیر بە پیتی بچووکی نووسیوە. من چەند گەڕام و سووڕام لە وشەی "ئاینە" لە ناوی ژن زیاتر هیچ مانایەکی ترم نەدۆزییەوە. دەکرێ راتما وەک بەشێک لە یارییەکانی تری زمانەکەی، تیپی یەکەمی بە بچووک نووسیبێت، کە لە شیعرەکەدا زۆر وشە و رستەی تێکشکاندووە و ئێمەش هەوڵمان داوە ئەو یارییە، کە ئاسان نییە ئەو وەرگێڕانە، لە کوردیدا بگوازینەوە. بۆیە لە شیعرەکەدا وەک ناوی ژنێک هاتووە.

(٧) Raslätt : گەڕەکێکە لە قەراغ شاری Jönköping لە باشووری سوێد. لەو گەڕەکەدا لە لایەن پۆلیسی سوێدییەوە کوژرا.

(٧) Jönköping: شارێکە لە باشووری سوێد، دائیرەی کاروباری بێگانان لەو شارەدایە.

(٨) Guinea Bissau: وڵاتێکە دەکەوێتە رۆژئاوای ئەفریکاوە.

(٩) Phaistosskivan Salla: قەوانی مۆرکردن لە دەڤەری Salla کە دەکەوێتە باکووری فینلاند نزیک سنووری رووسیا.

(١٠) Phaistosskriften: ئامێری مۆرکردنی نووسین.

## وتەیەک لەمەڕ ئەم شیعرە و شاعیرەکەی

بۆ ئەوەی خوێنەر لە پاشخان و ناوکۆیی ئەم شیعرە حاڵی بێت، کە بێ ئاماژەکردن بەوە فامکردنی ئەو شیعرە ئاسان نییە، ناچارین ئەو سەرنجانە چڕبکەینەوە کە کارل هێنریک فرێدریکسۆن لە پێشەکی گۆڤارەکەیدا نووسیویەتی. وەک فرێدریکسۆن بە ئاماژەکردن بەدێڕێکی شیعرەکەوە روونی دەکاتەوە، کە ئیدریس دەمیر و سولەیمانی برای لە ١٩٩٩ لە تورکیاوە بۆ سوێد کۆچیان کردووە، کە لەوێ هەردووکیان بەهۆی چالاکبوونیان لە رێکخراوی کوردیی Hadep دا بۆ پێنج ساڵ حوکمی زیندانکردنیان بەسەر سەپێنراوە. ئەوان لە سوێد داوای مافی پەنابەرییان کرد، لێ پێیان نەدان، کاتێک ئیدریس دەمیر، شەوێکی ئاداری زووتر لەم ساڵ (بەر لە ساڵی ٢٠٠٣)، لە دەرەوە بووە و پێکەوە لەگەڵ هەڤاڵێکیدا لە لایەن پۆلیسەوە وەستێنراون و داوای مۆڵەتی شۆفێریی و ناسنامەیان لێ کردوون. ئەوان دەرچوون بۆ لای ماڵی هاوڕێیەکیان لە گەڕەکی Räslätt، کە گەڕەکێکە دەکەوێتە قەراغ شارێکی یۆنشۆپینگ و خانووەکانی بەرز و بە بەردی خراپ دروستکراون، لێ ئیدریس دەمیر، کە چاوەڕوانی دەرکردن بوو لە سوێد، نایەوێ هیچ جۆرە ناسنامەیەک نیشانی پۆلیس بدات- ئەو لەوە دەترسا کە رادەستی پۆلیسی ئاسایشی تورکی بکرێتەوە، ئەو چەقۆیەک دەگرێتە دەست و لەسەر قورگی خۆی دادەنێ و هاواری دەکا کە ئەو مردنی لا باشترە لەوەی کە لەگەڵیان بچێت بۆ بنکەی پۆلیس. لەسەر ئەوەی کە دوای ئەوە چی رووی دا چەندین بۆچوون هەیە. پارێزەری گشتی دەڵێ: ئیدریس دەمیر هەوڵی دا بە پلیکانەکانەوە رابکا، یەکێک لە پۆلیسەکان بە دەمانچەکەی تەقەی لێ دەکا. گوللەکە پشتی دەپێکێ و ئیدریس دەمیر لەسەر پلیکانەکانەوە دەمرێت. ئیدریس تەمەنی ٢٧ ساڵ بوو. پۆلیسەکە تۆمەتبارکراو ئێستا چاوەڕێی دادگاییکردنە.

ئەمادۆ دیالۆ خەڵکی گواینیە بوو، لەسەر شەقام شتومەکی دەفرۆشت لە نیۆورک- شارەوانی برۆنکس. شەوێک لە فێبریوەریی دوو ساڵ بەر لە ئێستا ٢٠٠١ چوار پۆلیس کە بە دوای پیاوێکی گومانلێکراو دەگەڕان لەو دەمەدا بەرێککەوت پیاوێک دەبینن کە بەرەو دەرگەی ئەو خانووە دەڕوات کە ئەو پیاوە گومانلێکراوەی تێدا دەژیا. سەبارەت بەوەی کە

دوایی چی رووی دا چەندین بۆچوون هەیە. هەمووان لەسەر ئەوە کۆکن کە: ئامادیۆ دیالۆ دەستی لە ناو گیرفانی داناوە، لەوانەیە تاکو جزدانەکەی دەربێنێت، پۆلیس ٤١ گوللە دەتەقێنێت، ١٩ یان ئەو دەپێکن. ئامادیۆ، کە بێچەک بوو، بەسەر پلیکانەکانەوە دەمرێت. ئامادیۆ بوو بە ٢٤ ساڵ. پۆلیسەکە تۆمەتبارکرا و ئازاد کرا.

بەمجۆرە، وەک خوێنەر لە شیعرەکەدا درکی پێ دەکا، کە ئەو دوو پێشهاتە هەم لەم شیعرە، "نووسراوەی ئێسک"ی لارش میکایل راتمادا دەترنجێن و هەمیش وەک دوو پێشهات ئاوێزانی یەکتر دەبن.

ماوەتەوە بێژین، Lars Mikael Raattmaa -لارش میکایل راتما لە ١٩٦٤ لە دەڤەری ستۆکهۆلم لە دایک بووە و دکتۆرای لە بواری تەلارسازیی وەرگرتووە و حەوت کۆشیعری هەیە. چەند خەڵاتی لە بواری شیعر و تەلارسازیی سوێدی وەرگرتووە. راتما تەکنیکی تەلارسازیی لە شیعردا پیادە دەکا. بۆیە ئەو پێی وایە لە یەک کاتدا هەم شاعیر و هەمیش تەلارسازە. راتما یەکێکە لە دەنگە نوێیەکانی ئەمڕۆی شیعری سوێدیی. ئەو شاعیرە لەگەڵ چەند شاعیرێکی تری وەک کاتەرینە فروسترسۆن، هەننا هالگرێن، ئەننا هالباری، یوهان یۆنسۆن و چەندانی تر لە سەرەتای ٢٠٠٠ دا بە زمانێکی نوێوە هاتنە ناو جیهانی شیعری سوێدییەوە. لە بواری رەخنەی سوێدییەوە شیعری لارش میکایل راتما و هاوشێوازەکانی کە بە یاردەی شیعری ئەمڕۆی سوێدی دەناسرێن بە "ماتریالیزمی زمان" ناودێر دەکرێن. ئەو شاعیرە و هاوشێوازەکانی خۆی کێشەی مرۆڤی کۆمەڵگەی سەرمایەداریی و جڤاکییەکان، دۆخی کار، بەرخۆریی، چەوسانەوەی بێگانان، فێمێنیزم و... تاد، بابەتی شیعرەکانیانە و هاوکاتیش زمان وەک " یاری"یەک بەکار دەهێنێ، ئەو شێوازە شیعرییەش لە رەچەڵەکدا رەوتێکی شیعرییە لە حەفتا و هەشتاکانەوە لە ئەمریکا سەری هەڵدا و پاشان ڕۆژئاوای گرتەوە، وەکرێ بڵێین هاورەوتە لەگەڵ بزاڤی میوزیکی رۆک، رۆگ، هیپ هۆپ، راپ و... کە هەڵگری پەیامێکی سیاسی یان بزاڤێکی جڤاکییە، ئەو زمانە شیعرییەش لە ئاستی هزرییەوە بۆ روانگە فەلسەفییە زمانییەکەی فەیلەسووفی ئەڵمانی، ڤیتگنشتاین دەگەڕێتەوە، کەواتە ئەو شێوازە شیعرییە کە زمان وەک یارییەکی هونەریی سەیر دەڤیا، واتای ناوەکۆیی "کۆنتێکست"ێکی سوێدی- رۆژئاوایی و سیاسیی خۆی هەیە، بۆیە شیعری ئەمڕۆی سوێدیی بە شیعرێکی سیاسیی پێناسە دەکرێت، میکایل راتما کە لە ٢٠٠٠ەکانەوە وەک دەنگێکی نوێ بە هۆی زمانە تایبەتییەکەی خۆیەوە هاتە ناو جیهانی شیعری سوێدییەوە و خاوەنی چەندین کۆشیعرە، بەندە وتارێکی رەخنەیی بە ناوی "شیعر

لەگەڵ هەستی هاوسەدەمدا" لە سویدییەوە کرد بە کوردیی کە تایبەت بوو بە سێ شاعیری ئەمڕۆی سویدیی، یەکێک لەو شاعیرانەی کە ئەو رەخنەگرە سویدییە، ئۆسا بێکامان شیعرەکانی ڕاڤە کردبوو، لارش میکایل راتما بوو. (ئەگەر خوێنەر بخوازێت دەتوانێ ئەو وتارە لە سایتی دەنگەکاندا بخوێنێتەوە، دیارە من وەک هەستێکی شیعریی، کە نازانم لە جیهانی شیعریی کوردییدا باوی ماوە یان نا!) وەک دەبینین ئەو شاعیرە کێشە و ئازارە سەختەکانی پەنابەران لە سوێد و رۆژئاوا و ئەمریکادا وێنە دەهۆنێتەوە، کەچی گەنجانی ئێمەش رۆژئاوا بە دوا رێگا بۆ رزگاربوون لە گەندەڵیی و نایەکسانی لە کوردستان و بۆ گەیشتن بە خەونەکانیان دەبینن، بۆیە حەزم کرد ئەو دەقەش، وەک زۆرێک لەو دەقانەی تر، جا خراپم وەرگێڕابن یان چاک، پێشکێشی خوێنەر و شاعیری ئەمڕۆی بکەم نەک دوێنێ، هەرچەندە ئەو خوێنەر و شاعیرە تازەباوانەش لەبەر شیعری " ئاشقانە"، "سوهرابی" و خەمی ئابووریی- دۆخی بالادەستی کالاگەراییەوە ئاگای لە خەمی جڤاک و پرسە سیاسییەکان، بە مانای بەرپرسیاریی و چارەنووسی ژیانمان، نەماوە، ئەمەش بەشێکی بۆ هەڵوێست و ئاکاری خۆویستی شاعیر و نووسەرە " گەورەکان" دەگەڕێتەوە، وەک دەبینین، کە گرفتەکانی جڤاکی سوێدی لەگەڵ کوردستان بەراورد ناکرێ، کەچی چۆن ئەو شاعیرە و هاونەوەکەی ئەو گرفتە جڤاکیی و سیاسییانە بە زمانێک ئێستێتیکیی لە شیعرەکەیدا دەلەرێنەوە. بە کورتی ئەگەر ئەمڕۆ لای شاعیری کوردیی پەنابردن بۆ خەیاڵ و مۆدە هەڵبزرکاوەکانی ئەشق مانای داهێنەریی بێت، کەچی لای شاعیر و رۆماننووسی سوێدی ئەمڕۆ خەیاڵ بە تەنیا هیچ مانایەکی نییە، بۆیە خاکی دەقەکانیان وێنەیەکی جوانناسییانەیە لە رەهەندە نادیارەکانی دۆخی مرۆڤی ئەمڕۆ و جڤاک، خودی ئەم واقیعەی کە لە رووالەتدا رازاوە و لە ناوەوەشدا دەعەجانکراوە.

بەهەمە حاڵ، دیارە کە دەڵێم پەرۆشی من لە وەرگێڕانی ئەم دەقە و ئەوانی تر، پێشکێش بە شاعیری دوێنێ نییە، چونکە زۆرینەی شاعیری دوێنێ، بەهۆی چاپکردنەوەی هەمیشەی کۆشیعرەکانیان، پایەی حزبی و ئابوورییانەوە، چیتر پێویستیان بە فێربوون و ئەزموونی نوێ نەماوە؛ ئەوانە بڕیان داوە تا دەمێنن، وەک سەرۆکەکانمان، دەمڕاستی شیعری دوێنێ و ئەمڕۆ بن؛ هەتا هاتەیێ سەرۆک بن.